حكومة إقليم كوردستان ـ العراق
مجلس الوزراء
وزير الإقليم لشؤون البرلمان
مكتب وزير

حکومەتی هەرێمی کوردستان ـ عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان
نووسینگەی وەزیر

ژمارە: ٢٢٨٤ العدد:

ڕێکەوت: ٨ / نەورۆز ٢٧٢٠ التاريخ: ٢٨ / ٣ / ٢٠٢١

**بۆ/ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان-عیراق**

**ب / پرۆژە یاسا**

هاوپێچ لەگەڵ نووسراوماندا بڕیاری ژمارە (٩٢) ی ئەنجومەنی وەزیران لە ڕێکەوتی ٢٠٢١/٢/٢٤ تایبەت بە پەسەندکردنی (پرۆژە یاسای وەزارەتی کارەبا لە هەرێمی کوردستان-عیراق) بە هەردوو زمانی (کوردی و عەرەبی) بۆتان ڕەوانە دەکەین .

لەگەڵ ڕێزدا...

**د. ڤالا فەرید ابراهیم**
**وەزیری هەرێم بۆکاروباری پەرلەمان**
/ / ٢٠٢١

وێنەیەک بۆ:

- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/ سەرۆکایەتی دیوان [illegible] بەراییەکان...بۆ ئاگاداریتان ، لەگەڵ ڕێزدا.
- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/ سکرتاریەتی ئەنجومەن نوسراوتان ژمارە (٣٢٣١ لە ٢٠٢١/٣/١٦) ...بۆ ئاگاداریتان ، لەگەڵ ڕێزدا.
- خولاو.

هەرێمی کوردستان - عێراق

سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران

سکرتاریەتی ئەنجومەن

إقليم كوردستان - العراق

رئاسة مجلس الوزراء

سكرتارية المجلس

Kurdistan Regional Government
Council of Ministers

ژمارە: ٣٢٣١

ڕێکەوت: ٢٦ / ٢٧٢٠ی کوردی

No:

Date: 2021/3/16

بۆ/ بەڕێز وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان

بابەت/ بڕیاری کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران

هاوپێچ وێنەی بڕیاری کۆبوونەوەی ژمارە (٥٢)ی ئەنجومەنی وەزیران لە ڕۆژی ٢٠٢١/٢/٢٤ بە ژمارە (٩٢) و هاوپێچەکەی (پڕۆژە یاسای وەزارەتی کارەبا لە هەرێمی کوردستان-عێراق) بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی دەنێرین بۆتان بە مەبەستی ناردنی بۆ پەرلەمانی کوردستان بۆ تەشریعکردنی و ئاگادارکردنەوەمان لە ئەنجام.

لەگەڵ ڕێزدا.

**هاوپێچ:**

بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٩٢) لە ٢٠٢١/٢/٢٤ و هاوپێچەکەی.

د. ئامانج ڕەحیم

سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران

هەرێمی کوردستان - عێراق
إقليم كوردستان - العراق

سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
رئاسة مجلس الوزراء

سکرتاریەتی ئەنجومەن
سكرتارية المجلس

Kurdistan Regional Government
Council of Ministers

ژمارە: No:

ڕێکەوت: / / ٢٧ی کوردی Date:

**وێنەیەك لەگەڵ هاوپێچ بۆ:**

- سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان/ دیوان، لەگەڵ ڕێزدا.
- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی دادوەری لە هەرێمی کوردستان، لەگەڵ ڕێزدا.
- نووسینگەی تایبەتی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، لەگەڵ ڕێزدا.
- نووسینگەی تایبەتی بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، لەگەڵ ڕێزدا.
- دیوانی چاودێری دارایی لە هەرێمی کوردستان، لەگەڵ ڕێزدا.
- دەستەی دەسپاکی لە هەرێمی کوردستان، لەگەڵ ڕێزدا.
- گشت وەزارەتەکان/ نووسینگەی بەڕێز وەزیر/ وەزارەتی کارەبا، لەگەڵ ڕێزدا.
- دەستەی مافی مرۆڤ، لەگەڵ ڕێزدا.
- ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان، لەگەڵ ڕێزدا.
- دەزگای ئاسایشی هەرێمی کوردستان، لەگەڵ ڕێزدا.
- سەرۆکایەتی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران، لەگەڵ ڕێزدا.
- فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون، لەگەڵ ڕێزدا.
- فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە، لەگەڵ ڕێزدا.
- فەرمانگەی میدیا و زانیاری، لەگەڵ ڕێزدا.
- سکرتاریەتی ئەنجومەنی ئابووری، لەگەڵ ڕێزدا.
- نووسینگەی بەڕێز وتەبێژی فەرمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەگەڵ ڕێزدا.
- پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان و ئیدارەی گەرمیان و ڕاپەڕین، لەگەڵ ڕێزدا.
- نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بەغدا، لەگەڵ ڕێزدا.
- گشت دەستە و فەرمانگە و لایەنەکانی نەبەستراو بە وەزارەت، لەگەڵ ڕێزدا.
- فەرمانگەی تەکنەلۆژیای زانیاری/ بۆ کاری پێویست، لەگەڵ ڕێزدا.
- سکرتاریەتی ئەنجومەنی وەزیران/ لەگەڵ بەراییەکان، لەگەڵ ڕێزدا.
- خولاو.

Council of Ministers, Kurdistan Street, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
Phone: +964 (066) 2220210 – 2230247 – 2230248

cm@gov.krd
www.gov.krd

هەرێمی کوردستان - هەولێر - شەقامی کوردستان - ئەنجومەنی وەزیران
+٩٦٤(٠٦٦) ٢٢٢٠٢١٠ _ ٢٢٣٠٢٤٧ ٢٢٣٠٢٤٨

هەرێمی کوردستان/ عێراق

ئەنجومەنی وەزیران

إقليم كوردستان/ العراق

مجلس الوزراء

## بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران

## ژمارە (٩٢) لە ٢٠٢١/٢/٢٤

پشتبەست بە ئەحکامی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و لەبەر ڕۆشنایی کۆنووسی کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٥٢) لە ٢٠٢١/٢/٢٤، بڕیاردرا بە:

١. پەسەندکردنی (پرۆژە یاسای وەزارەتی کارەبا لە هەرێمی کوردستان-عێراق) و ئاڕاستەکردنی وەکو پرۆژەیاسا بۆ پەرلەمانی کوردستان لە ڕێگای بەڕێز وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان.

٢. سەرجەم وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن.

مەسرور بارزانی

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران

پرۆژە

# یاسای وەزارەتی کارەبا لە هەرێمی کوردستان – عێراق

## پێناسەکان

ماددەی (١):

مەبەستی ئەم یاسایە لەم زاراوە و دەستەواژانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریانە:

یەکەم: هەرێم: هەرێمی کوردستان – عێراق.

دووەم: وەزارەت: وەزارەتی کارەبا لە هەرێم.

سێیەم: وەزیر: وەزیری کارەبا لە هەرێم.

چوارەم: بریکار: بریکاری وەزارەت.

پێنجەم: ئەنجومەن: ئەنجومەنی راوێژکاریی وەزارەت.

شەشەم: بەرهەمهێنان: بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا.

حەوتەم: گواستنەوە: گواستنەوەی وزەی کارەبا بەهێلی (١٣٢) کیلۆ ڤۆلت بەرەو سەر.

هەشتەم: دابەشکردن: دابەشکردنی وزەی کارەبا لە رێگەی تۆڕی ناوەندیی لە هێلەکانی (٣٣) کیلۆ ڤۆلت بەرەوخوار.

نۆیەم: وزە: وزەی کارەبا جا سەرچاوەکەی هەرچییەك بێت.

دەیەم: کۆنترۆڵ: کۆنترۆڵی سەر تۆڕەکانی کارەبای هەرێم لە رێگەی سیستەمی سکادا.

یازدەم: پلان: دارشتن و بەدواداچوونی پلانی وەزارەت.

دوازدەم: بازرگانیی وزە: کۆنترۆڵکردنی داهاتی کارەبا.

سێزدەم: بەڕێوەبەرایەتیی گشتی: بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی لە وەزارەت یان پارێزگا یان ئیدارەیەکی سەربەخۆ لە هەرێم.

## ئامانجەکانی یاسا

ماددەی (٢):

ئامانجەکانی ئەم یاسایە بریتین لەمانەی خوارەوە:

یەکەم: دابینکردن و پەرەپێدانی وزەی کارەبا بەگوێرەی پێداویستییەکانی کۆمەڵگە و ئابووریی نیشتیمانیی.

دووەم: دارشتن و ئامادەکردنی سیاسەت و پاراستنی مافەکانی وەزارەت و جێبەجێکردنی ئەو ستراتیجیەتەی‌وزەی کارەبا کە پلان و پرۆگرامی پەیوەنداری دامەزراوەیی لەخۆ دەگرێت، سەرباری مسۆگەرکردنی بەردەوامیی دابینکردنی کارەبا و هاندانی وەبەرهێنان و ئەنجامدانی توێژینەوە و پەرەپێدان و بەرزکردنەوەی ئاستی وزە و

پاراستنی کێبڕکێ و ژینگە و پتەوکردنی هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی ناوەندیی لە بواری کارەبا بەسەرپەرشتی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم.

سێیەم: رێکخستن و بەدواداچوون و چاودێریکردنی گشت چالاکیەکانی پەیوەست بە کارەبا لە بواری بەرهەمهێنان و کۆنترۆڵ و گواستنەوە و دابەشکردن و بەکارهێنان بەو شێوەیەی کارایی و بەردەوامیی بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا و پڕکردنەوەی داواکاری سەری مسۆگەر دەکات لەگەڵ زامنکردنی پاراستنی ژینگە.

چوارەم: رێگەگرتن لە بەهەدەردانی کارەبا لە رێگەی چاککردنی تۆڕەکانی گواستنەوە و دابەشکردن و رێگەگرتن لە زێدەڕۆیی کردن لەسەریان و لێپرسینەوەی کەسانی زێدەڕۆکار لەبەر رۆشنایی یاسا پەیوەندارەکان.

پێنجەم: هاندانی وەبەرهێنان لە بوارەکانی بەرهەمهێنان و گواستنەوە و دابەشکردنی کارەبا لەژێر سەرپەرشتی و کۆنترۆڵی وەزارەت بەو شێوەیەی رێگە دەگرێت لە قۆرخکاری و بەدەستەوەبوونی‌نرخەکان.

### ئەرکەکانی وەزارەت

ماددەی (٣):

وەزارەت ئەم ئەرکانەی خوارەوە لە ئەستۆ دەگرێت:

یەکەم: بەرهەمهێنان و گواستنەوە و دابەشکردنی کارەبا و دامەزراندن و بەگەڕخستن و چاککردنەوەی وێستگە و تۆڕەکانی کارەبا.

دووەم: بەگەڕخستنی تۆڕەکانی کارەبا بەشێوەیەکی زانستیانە لە رێگەی دامەزراندنی سیستەمی سکادا و گەیاندن بۆ مسۆگەرکردنی پارێزگاریکردن لە پێکهاتەکانی تۆڕەکانی کارەبا و کەمکردنەوەی تێچووەکان.

سێیەم: دەستەبەرکردنی بەرژەوەندیی گشتی و کۆنترۆڵ کردنی بەکاربردنی کارەبا و مسۆگەرکردنی بەردەوامیی دابینکردنی کارەبا و کەمکردنەوەی بەهەدەردانی بەرامبەر مسۆگەرکردنی مافەکانی وەزارەت لە رێگەی دامەزراندنی پرۆژەی تۆڕی زیرەك.

چوارەم: پێشنیارکردنی دیارکردنی نرخەکانی کارەبا لە لایەن وەزیر و رەزامەندی ئەنجومەن و بەرزکردنەوەی بۆ ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم بۆ رەزامەندیدان لەسەری بەو مەرجەی ئەو بارودۆخ و گۆڕانکارییانەی لەسەر تێچووی کارەبا و بژێوی هاوڵاتیان و ئابووریی هەرێم روودەدەن لەبەرچاو بگیرێن.

پێنجەم: بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی وزەی کارەبای پاك بۆ پێداویستییەکانی بەرژەوەندیی گشتی، و مۆڵەتدان بە کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانی کارەبا لە (سەرچاوە نوێبووەکان) لەگەڵ رەچاوکردنی یاسا و پێڕەو و رێنماییە بەرکارەکان و پابەند کردنی ئەم کۆمپانیایانە بە دەست هەڵنەگرتن لەو مۆڵەتانەی پێیان دراوە، مەگەر بە رەزامەندی وەزارەت بێت، و ئەمەش بە رێنمایی رێکدەخرێت.

شەشەم: گرتنەبەری رێکاری پێویست بۆ پاراستنی ژینگە لە پیسبوون و دەستەبەرکردنی سەلامەتیی و تەندروستی هاوڵاتیان و فەرمانبەران و کەسانی کارگوزار لە بواری کارەبا بەپێی حوکمەکانی یاسا بەرکارەکان لە هەرێم.

حەوتەم: ئامادەکردن و دابینکردنی میلاك و پەرەپێدانیان لە رێگەی ناوەندیی راهێنانی پیشەیی بەهاوکاری لەگەڵ دامەزراوە فێرکارییەکان ناوەندە پسپۆڕەکان یان رێکخراوە ناوخۆیی یان نێودەوڵەتییەکان.

هەشتەم: پێدانی مۆڵەت بە کۆمپانیای پسپۆڕ لە بەگەڕخستن و چاککردنەوەی وێستگەکانی کارەبا و تۆڕەکانی گواستنەوە و هاوردەکردن و هەناردەکردنی وزە لەگەڵ پابەند کردنی ئەم کۆمپانیایانە بە دەست هەڵنەگرتن لەو مۆڵەتانەی پێیان دراوە، مەگەر بە ڕەزامەندی وەزارەت بێت، و ئەمەش بە ڕێنمایی ڕێکدەخرێت.

نۆیەم: هەماهەنگیکردن لەگەڵ وەزارەت و لایەنە پەیوەندارەکان بە چالاکیەکانی وەزارەت و کارکردن لەسەر ڕێنوێنی بەکاربردنی وزەی کارەبا لە ڕێگەی دانانی سیاسەت و ڕێنمایی و هاندانی بەکاربەران بۆ ئەم مەبەستە.

دەیەم: پێشکەشکردنی پێشنیار بە ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم بەمەبەستی پەرەپێدانی کەرتی کارەبا لە هەرێم.

یازدەم: نوێنەرایەتیکردنی هەرێم لە ڕێکخراو و کۆنفرانسە نێودەوڵەتی و هەرێمایەتییەکانی تایبەت بە کەرتی وزەی کارەبا.

دوازدە: گرێبەستکردن لەگەڵ کەسانی پسپۆڕ و شارەزایان بە مەبەستی جێبەجێکردنی ئەرکەکانی وەزارەت بەپێی حوکمەکانی یاسا و پێڕەو و ڕێنماییە بەرکارەکانی هەرێم.

سێزدەم: هەماهەنگی و تەواوکردنی یەکتر لەگەڵ وەزارەتە ناوەندییەکان بەتایبەتیش وەزارەتی کارەبا.

ماددەی (٤):

یەکەم: ئەرك و وەزیفەی پێکهاتەکانی وەزارەت بە پێڕەوێك دیار دەکرێت کە ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم دەری دەکات.

دووەم: وەزیر بۆی هەیە بەڕێوەبەرایەتی یان بەش یان هۆبە لەناو پێکهاتەکانی وەزارەت بەگوێرەی پێویستی و پێداویستییەکانی بەرژەوەندیی گشتی بهێنێتە کایەوە یان لێکیان بدات یان هەڵیان بوەشێنێتەوە.

ماددەی (٥):

یەکەم: وەزارەت بۆی هەیە وایەر و کێبڵ لەسەر یان لە ژێرەوەی ڕێگە گشتییەکان یان شەقامەکانی ناوەوە یان دەرەوەی شارەکان رابکێشێت هەروەها مافی هەیە ستوون دانێت و تونێل لێبدات و دار و چێنرا لاببات و کاری دیکەی پێویست ئەنجام بدات بۆ بەجێگەیاندنی وەزارەت بۆ ئەرکەکانی لەگەڵ ڕەچاوکردنی حوکمەکانی یاسا بەرکارەکان.

دووەم: وەزارەت – بەگوێرەی پێویستی – بۆی هەیە ببێتە خاوەن زەوی و بەناوی وەزارەتی کارەبا تۆمار بکرێت بەپێی یاسا بەرکارەکان.

سێیەم: وەزارەت پابەند دەبێت بە قەرەبووکردنەوەی هەر کەسێك زیانمەند دەبێت لە ئەنجامی چالاکیەکانی و جێبەجێکردنی ئەرکەکانی.

چوارەم: لە هەر بەڕێوەبەرایەتیەکی گشتی لیژنەیەك پێکدەهێنرێت بەمەبەستی خەمڵاندنی ئەو قەرەبووەی لە برگەی (سێیەم)ی ئەم ماددەیە ئاماژەی پێکراوە لەدوای پەسەندکردنی لەلایەن وەزیرەوە.

پێنجەم: دەکرێت لەبەردەم دادگای بەرایی تایبەتمەند تانە لە بڕیاری وەزیر بدرێت.

ماددەی (٦):

هاوبەشانی کارەبا پۆلین دەکرێن ،وەك نمونە ،بەم شێوەیەی خوارەوە:

أ- خانووی نیشتەجێبوون.

ب- بازرگانی.

جـ- پیشەسازی.

د- کشتوکاڵی.

هـ- حکومی.

ز- نیمچە حکومی.

ماددەی (٧):

یەکەم: هەر کەسێك زێدەڕۆیی بکات لەسەر سیستەمی (منظومة) کارەبا و تۆڕەکانی بە پێبژاردنێك سزا دەدرێت کەمتر نەبێت لە (٥٠٠,٠٠٠) پێنج سەد هەزار دینار،و میکانیزمی سەپاندنی بە ڕێنمایی دیار دەکرێت کە وەزیر دەری دەکات بەو مەرجەی گەورەیی کاری زێدەڕۆکار لەبەرچاو بگیرێت لە کاتی دیارکردنی بری پێبژاردنەکان.

دووەم: وەزیر، بە ڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم، بۆی هەیە ڕێژەیەك لەو برە پارانەی لە پێبژاردنی زێدەڕۆیی سەر سیستەمی کارەبا و تۆڕەکانی وەرگیراون تەرخان بکات بۆ ئەو کەسانەی ڕاسپێردراون بە ئاشکراکردنی زێدەڕۆیی و لابردنیان و ئەمەش بە ڕێنمایی ڕێکدەخرێت کە وەزیر بەهەماهەنگی لەگەڵ وەزیری دارایی و ئابووری دەری دەکات.

سێیەم: ئەو کەسەرەتانەی لە زێدەڕۆیی سەر سیستەمی کارەبا و تۆڕەکانی بەکارهاتوون دەستیان بەسەردا دەگیرێت.

چوارەم: ئەو سزایەی لەم ماددەیەدا هاتووە پێشێلی هیچ سزایەکی توندتر ناکات کە لە یاسایەکی دیکە هاتبێت.

پێنجەم: پێویستە لەسەر وەزیر داوای قەرەبووی ئەو زیانانە بکات کە دەرئەنجامی زێدەڕۆیین بەپێی حوکمەکانی یاسا بەرکارەکانی هەرێم.

## پێکهاتەکانی وەزارەت

ماددەی (٨):

یەکەم: وەزارەت پێکدێت لە:

أ- وەزیر: سەرۆکی باڵای وەزارەتە و بەرپرسە لە کارەکانی و ئاراستەکردنی سیاسەتەکانی و سەرپەرشتی و چاودێریکردنی کارەکانی، و هەموو بڕیار و فەرمان و ڕێنماییەکان لە گشت ئەو شتانەی پەیوەندارن بە ئەرکەکانی وەزارەت و پێکهاتەکانی و دەسەڵاتەکانی و سەرجەم کاروباری تەکنیکی و دارایی و کارگێڕیی و ڕێکخستنەکی لە وەزیرەوە دەردەچن و بەسەرپەرشتی ئەوەوە جێبەجێ دەکرێن بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە، و وەزیریش بەرپرسە لەبەردەم ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم وەك ئەندامێکی هاوبەرپرسی (متضامن) تیایدا. و بۆی هەیە هەندێك لە

دەسەلاتەکانی بسپێرێت بە بریکاری وەزارەت یان بەڕێوەبەرە گشتییەکان یان هەر فەرمانبەرێکی وەزارەت کە بەگونجاوی بزانێت.

ب- بریکاری وەزارەت: یارمەتی وەزیر دەدات لە سەرپەرشتیکردنی کاروباری وەزارەت لە چوارچێوەی ئەو دەسەلاتانەی وەزیر پێی دەسپێرێت، بەو مەرجەی بەلای کەم هەلگری بڕوانامەی زانکۆیی بەرایی بێت و خاوەن شارەزایی و پسپۆڕی بێت.

ج- نووسینگەی وەزیر: فەرمانبەرێك بە پلەی بەڕێوەبەر بەڕێوەی دەکات، کە بەلای کەم هەلگری بڕوانامەی زانکۆیی بەرایی بێت و ژمارەیەك فەرمانبەر یارمەتی دەدەن.

د- نووسینگەی بریکار: فەرمانبەرێك بە پلەی بەڕێوەبەر بەڕێوەی دەکات، کە بەلای کەم هەلگری بڕوانامەی زانکۆیی بەرایی بێت و ژمارەیەك فەرمانبەر یارمەتی دەدەن.

هـ- ژمارەیەك راوێژکار زیاتر نەبن لە (٤) چوار کەس، بەو مەرجەی هەر یەکێکیان بەلای کەم هەلگری بڕوانامەی زانکۆیی بەرایی بێت و خاوەن شارەزایی بێت بۆ ماوەیەك کەمتر نەبێت لە (١٥) پازدە سال لە دوای بڕوانامەی ئەو بوارەی پێی رادەسپێردرێت و بەپێی یاسا بەرکارەکانی هەرێم دادەمەزرێن.

و- بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی دیوان: بەڕێوەبەرێکی گشتی بەڕێوەی دەبات، بەو مەرجەی بەلای کەم هەلگری بڕوانامەی زانکۆیی بەرایی بێت لە یاسا یان کارگێڕیی و خاوەن شارەزایی و پسپۆڕی بێت.

ز- بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی بەرهەمهێنان: بەڕێوەبەرێکی گشتی بەڕێوەی دەبات، بەو مەرجەی بەلای کەم هەلگری بڕوانامەی زانکۆیی بەرایی بێت لە ئەندازیاری و خاوەن شارەزایی و پسپۆڕی بێت.

ح- بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی گواستنەوەی وزە: بەڕێوەبەرێکی گشتی بەڕێوەی دەبات، بەو مەرجەی بەلای کەم هەلگری بڕوانامەی زانکۆیی بەرایی بێت لە ئەندازیاری و خاوەن شارەزایی و پسپۆڕی بێت.

گ- بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی دابەشکردنی وزە: بەڕێوەبەرێکی گشتی بەڕێوەی دەبات، بەو مەرجەی بەلای کەم هەلگری بڕوانامەی زانکۆیی بەرایی بێت لە ئەندازیاری و خاوەن شارەزایی و پسپۆڕی بێت.

ی- بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پلاندانان: بەڕێوەبەرێکی گشتی بەڕێوەی دەبات، بەو مەرجەی بەلای کەم هەلگری بڕوانامەی زانکۆیی بەرایی بێت لە ئەندازیاری و خاوەن شارەزایی و پسپۆڕی بێت.

ك- بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی بازرگانیی وزە: بەڕێوەبەرێکی گشتی بەڕێوەی دەبات، بەو مەرجەی بەلای کەم هەلگری بڕوانامەی زانکۆیی بەرایی بێت لە کارگێڕیی یان ئابووری یان بازرگانی و خاوەن شارەزایی و پسپۆڕی بێت.

دووەم:

أ- لە هەر پارێزگایەك و ئیدارەیەکی سەربەخۆ لە هەرێم بەڕێوەبەرایەتییەکی گشتیی کارەبا پێکدەهێنرێت و هەر یەکێکیان خاوەن کەسایەتی مەعنەوی دەبێت.

ب- هەر بەڕێوەبەرایەتییەکی گشتی هاتوو لە بەندی (أ)ی ئەم بڕگەیە لایەن بەڕێوەبەرێکی گشتی بەڕێوە دەبرێت، کە بەلای کەم هەلگری بڕوانامەی زانکۆیی بەرایی بێت لە ئەندازیاریی کارەبا و خاوەن شارەزایی وپسپۆڕی بێت و فەرمانبەرێك بە پلەی یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتی یارمەتی دەدات کە بەلای کەم هەلگری بڕوانامەی زانکۆیی بەرایی بێت لە بواری کارگێڕیی یان یاسا و خاوەن شارەزایی و پسپۆڕی بێت.

سێیەم: حوکمی یاسا بەرکارەکان لەبەرچاو دەگیرێت لە کاتی دامەزراندنی خاوەن پلە بالاَکان لەوانەی لەم ماددەیە ناویان هاتووە.

ماددەی (٩):

یەکەم: ئەنجومەنێکی راوێژکاری لە وەزارەت پێکدەهێنرێت بە سەرۆکایەتی وەزیر و ئەندامێتی هەر یەك لە:

أ- بریکار: دەبێتە جێگری سەرۆکی ئەنجومەن.

ب- راوێژکاران و بەڕێوەبەرە گشتییەکانی وەزارەت.

جـ- نوێنەرێکی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان: بەو مەرجەی پلەی لە بەڕێوەبەری گشتی کەمتر نەبێت.

د- نوێنەرێکی دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە: بەو مەرجەی پلەی لە بەڕێوەبەری گشتی کەمتر نەبێت.

هـ- هەر شارەزایەکی پسپۆڕ، کە وەزیر لە ناوەوە یان دەرەوەی وەزارەتەوە، دەستنیشانی دەکات.

دووەم: ئەنجومەن راوێژەکانی دەربارەی ئەم کاروبارانەی خوارەوە پێشکەش دەکات:

أ- رێکخستنی سیاسەتی بەرهەمهێنان و کۆنترۆڵ و گواستنەوە و دابەشکردنی وزەی کارەبا و دانانی پلانە ستراتیجییەکان.

ب- رێکخستنی وەبەرهێنان لە بواری کارەبا.

جـ- نرخی (کرێ) پێشنیارکراوی کارەبا لە لایەن وەزیرەوە بەر لە بەرزکردنەوەی بۆ ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم.

ماددەی (١٠):

وەزیر، بەگوێرەی پێویستی وەزارەت، بۆی هەیە گرێبەست بکات لەگەڵ ژمارەیەك راوێژکار و شارەزای خاوەن ئەزموون و پسپۆڕی لەوەی پەیوەستە بە وزەی کارەبا بەپێی ئەو رێکسازییانەی لە هەرێم کاریان پێدەکرێت و بە رەزامەندی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم.

ماددەی (١١):

یاسای وەزارەتی کارەبای هەرێمی کوردستان -- عێراق ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٠٦ هەڵدەوەشێتەوە.

ماددەی (١٢):

کار بەهیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێکی ناکۆك لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکرێت.

ماددەی (١٣):

پێویستە لەسەر وەزیر رێنمایی پێویست بۆ ئاسان جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربکات.

ماددەی (١٤):

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

ماددەی (١٥):

ئەم یاسایە لە ڕێکەوتی بلاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت.

**هۆیەکانی دەرچوواندن**

لەبەر ئەو بایەخە گەورەیەیوزەی کارەبا هەیەتی سەبارەت بە ژیانی هاولاتیان لە هەرێم و سەبارەت بە گشت ئەو پرۆژە و چالاکییانەی کە کەرتی گشتی و تایبەت پێی هەلدەستن، هەروەها لەبەر ئەوەی یەکێکە لە کایەکانی ژێرخانی ئابووری لە هەرێم، و لەپێناو ئەوەی وەزارەتی کارەبا لە چوارچێوەی یاسایەك کار بکات کە کاروبارەکانی ڕێکبخات بەو شێوەیەی بتوانێت لە ڕێگەی پێکهاتە پسپۆرەکانییەوە ئامانجەکانی بهێنێتەدی و ئەرکەکانی بەجێ بگەینێت، ئەم یاسایە دەرچووێندرا.

نسخة المشروع بعد المراجعة من قبل
مجلس الشورى لإقليم كوردستان - العراق

Y

# قانون وزارة الكهرباء في اقليم كوردستان- العراق

## التعاريف

**المادة (1):**

**يقصد بالمصطلحات و التعابير الآتية ، لأغراض هذا القانون ، المعاني المبينة إزاءها:**

أولاً: الإقليم: إقليم كوردستان – العراق.

ثانياً: الوزارة: وزارة **الكهرباء في** الإقليم.

ثالثاً: الوزير: وزير **الكهرباء في** الإقليم.

رابعاً: الوكيل: وكيل **الوزارة**.

خامساً: المجلس: المجلس الاستشاري للوزارة.

سادساً: الإنتاج: إنتاج الطاقة الكهربائية.

سابعاً: النقل: نقل الطاقة الكهربائية **بخطوط ال (132)كيلو فولت فما** فوق.

ثامناً: التوزيع: توزيع الطاقة الكهربائية عن طريق الشبكة المركزية من **خطوط ال (33)** كيلو فولت **فما** دون.

تاسعاً: **الطاقة: الطاقة الكهربائية أيا كان مصدرها.**

**عاشراً:** السيطرة: السيطرة على شبكات كهرباء الإقليم عن طريق نظام سكادا.

**حادي عشر:** الخطة: صياغة و متابعة خطة الوزارة.

**ثاني عشر:** تجارة الطاقة: السيطرة على دخل الكهرباء.

**ثالث عشر:** المديرية العامة: **المديرية العامة في الوزارة او المحافظة او إدارة مستقلة.**

## أهداف القانون

**المادة (2) :**

**يهدف هذا القانون إلى :**

أولاً: توفير و تطوير الطاقة الكهربائية وفقاً لاحتياجات المجتمع و الاقتصاد الوطني.

ثانياً: صياغة و إعداد السياسات و حماية حقوق الوزارة و تنفيذ إستراتيجية الطاقة الكهربائية التي تتضمن الخطط و البرامج ذات العلاقة المؤسساتية, بالإضافة إلى ضمان **استمرارية تجهيز** الكهرباء و تشجيع الاستثمار و إجراء الدراسات و التطوير و رفع مستوى الطاقة و حماية المنافسة و البيئة و تعزيز التعاون و التنسيق مع الحكومة **الاتحادية** في مجال الكهرباء بإشراف مجلس وزراء الإقليم.

ثالثاً: تنظيم و متابعة و مراقبة **جميع** النشاطات المتعلقة بالكهرباء في مجال الإنتاج و السيطرة و النقل و التوزيع و **الاستخدام بما يضمن كفاءة و استمرارية إنتاج** الطاقة الكهربائية**وتلبية الطلب عليها مع ضمان** حماية البيئة.

رابعاً: **منع الهدر في** الكهرباء عن طريق إصلاح شبكات النقل و التوزيع **و منع التجاوز عليها و محاسبة** المُخالفين **في ضوء القوانين ذات الصلة**.

خامساً: تشجيع الاستثمار في مجالي إنتاج و نقل و توزيع الكهرباء تحت إشراف و سيطرة الوزارة بما يمنع الاحتكار و التحكم في الأسعار.

## مهام الوزارة

المادة (3) : تتولى الوزارة المهام الآتية :

أولاً: إنتاج و نقل و توزيع الكهرباء و إنشاء و تشغيل و صيانة المحطات و الشبكات الكهربائية.

ثانياً : تشغيل شبكات الكهرباء بصورة علمية عن طريق تأسيس نظام سكادا و التوصيل لضمان المحافظة على مكونات شبكات الكهرباء و تقليل النفقات.

ثالثاً: تحقيق المصلحة العامة و السيطرة على استهلاك الكهرباء و ضمان استمرارية تزويد الكهرباء و تقليل الهدر فيها مقابل ضمان حقوق الوزارة من خلال إنشاء مشروع الشبكة الذكية.

رابعاً: إقتراح تحديد أسعار الكهرباء من قبل الوزير و موافقة المجلس و رفعه إلى مجلس وزراء الإقليم للموافقة عليه على أن تراعى الظروف و التغييرات التي تطرأ على كلفة الكهرباء و معيشة المواطنين و اقتصاد الإقليم.

خامساً:رفع مستوى إنتاج الطاقة الكهربائية النظيفة لمقتضيات المصلحة العامة، الترخيص لشركات إنتاج الكهرباء من (المصادر المُتجددة) مع مراعاة القوانين و الأنظمة التعليمات النافذة و إلزام تلك الشركات بعدم جواز التنازل عن التراخيص الممنوحة لها، إلا بموافقة الوزارة، وينظم ذلك بتعليمات.

سادساً: اتخاذ الإجراءات الكفيلة بحماية البيئة من التلوث و تأمين سلامة و صحة المواطنين و الموظفين و العاملين في مجال الكهرباء وفق أحكام القوانين النافذة في الإقليم.

سابعاً: إعداد و تهيئة الملاكات و تطويرها عن طريق مراكز التدريب المهني بالتعاون مع المؤسسات التعليمية و المراكز المختصة أو المنظمات المحلية أو الدولية.

ثامناً:منح الاجازات للشركات المختصة بتشغيل وصيانة محطات الكهرباء و شبكات النقل و استيراد و تصدير الطاقة مع إلزام تلك الشركات بعدم جواز التنازل عن الإجازات الممنوحة لها إلا بموافقة الوزارة، و ينظم ذلك بتعليمات.

تاسعاً: التنسيق مع الوزارات و الجهات ذات العلاقة بنشاطات الوزارة و العمل على ترشيد استهلاك الطاقة الكهربائية عن طريق وضع سياسات و تعليمات و حث المُستهلكين لهذا الغرض.

عاشراً: تقديم المقترحات إلى مجلس الوزراء الإقليم لغرض تطوير قطاع الكهرباء في الاقليم.

حادي عشر: تمثيل الإقليم في المنظمات و المؤتمرات الدولية و الإقليمية الخاصة بقطاع الطاقة الكهربائية.

ثاني عشر: التعاقد مع الأشخاص المختصين و الخبراء لغرض تنفيذ مهام الوزارة وفق أحكام القوانين و الأنظمة و التعليمات النافذة في الإقليم.

ثالث عشر : التنسيق و التكامل مع الوزارات الاتحادية و على وجه الخصوص منها وزارة الكهرباء.

**المادة (4):**

**أولاً: تحدد** مهام و وظائف **تشكيلات** الوزارة **بنظام يصدره مجلس وزراء الإقليم.**

**ثانياً: للوزير استحداث او دمج او إلغاء** المديريات **أو** أقسام **أو** الشُعب ضمن تشكيلات الوزارة حسب الحاجة و مقتضيات المصلحة العامة.

**المادة (5) :**

**أولاً: يحق** للوزارة مد الاسلاك و الكيبلات فوق أو تحت الطرق العامة أو الشوارع الواقعة داخل المدن أو خارجها وكذلك يحق لها نصب الاعمدة و حفر الأنفاق **و إزالة الأشجار و المغروسات و غيرها من الأعمال الضرورية لأداء الوزارة لمهامها** مع مراعاة أحكام **القوانين النافذة.**

**ثانياً: للوزارة - حسب الحاجة - استملاك الأراضي و تسجيلها باسم وزارة الكهرباء وفقا للقوانين النافذة .**

**ثالثاً: تلتزم الوزارة بتعويض من تضرر من جراء نشاطاتها و تنفيذ مهامها.**

**رابعاً: تشكل لجنة فى كل مديرية عامة لغرض تقدير التعويض المشار اليه في البند (ثالثاً) من هذه المادة بعد مصادقة الوزير عليه.**

**خامساً: يجوز الطعن في قرار الوزير امام محكمة البداءة المختصة.**

**المادة (6) :**

**يصنف مشتركي** الكهرباء إلى عدة أصناف ، على سبيل المثال :

**أ- الدور السكنية.**

**ب-** التجارية.

**ج-** الصناعية.

**د-** الزراعية.

**هـ-** الحكومية.

**و-** شبه الحكومية.

**المادة (7) :**

**أولا: يعاقب كل من يتجاوز على منظومة الكهرباء و شبكاتها بغرامة لاتقل عن (500000)خمسمائة ألف دينار، وتحدد آلية فرضها بتعليمات يصدرها الوزير على ان تراعى جسامة فعل المتجاوز عند تحديد مبلغ الغرامة.**

**ثانيا: للوزير، بموافقة مجلس وزراء الإقليم،تخصيص نسبة من المبالغ المتحصلة من الغرامات عن التجاوز على منظومة الكهرباء و شبكاتها للمكلفين بالكشف عن التجاوزات و رفعها و ينظم ذلك بتعليمات يصدرها الوزير بالتنسيق مع وزير المالية و الاقتصاد.**

**ثالثا:** تصادر الادوات المستخدمة في التجاوز على منظومة الكهرباء و شبكاتها.

**رابعا: لا تخل العقوبة الواردة في هذه المادة بأية عقوبة أشد واردة في قانون أخر.**

خامسا: على الوزارة المطالبة بالتعويض عن الأضرار التي ترتبت من جراء التجاوز وفق احكام القوانين النافذة في الإقليم .

## مكونات الوزارة

**المادة (8) :**

**أولاً:** تتكون الوزارة من:

أ- الوزير : هو الرئيس الأعلى للوزارة والمسؤول عن أعمالها وتوجيه سياستها والإشراف والرقابة عليها وتصدر عنه وتنفذ بإشرافه جميع القرارات والأوامر والتعليمات في كل ما له علاقة بمهام الوزارة وتشكيلاتها وصلاحياتها وسائر شؤونها الفنية والمالية والإدارية والتنظيمية وفق أحكام القانون، ويكون مسؤولاً أمام مجلس وزراء الإقليم باعتباره عضواً متضامناً فيه، وله تخويل بعض من صلاحياته إلى وكيل الوزارة أو المدراء العامين أو من يراه مناسباً من موظفي الوزارة.

ب- وكيل الوزارة: يساعد الوزير في الإشراف على شؤون الوزارة في إطار السلطات التي يمنحها له الوزير ، على أن يكون حاصلاً على شهادة جامعية إولية في الأقل و من ذوي الخبرة و الاختصاص.

ج- مكتب الوزير: يدار من قبل موظف بدرجة مدير حاصل على شهادة جامعية أولية في الاقل و يساعده عدد من الموظفين.

د- مكتب الوكيل: يدار من قبل موظف بدرجة مدير حاصل على شهادة جامعية أولية في الاقل و يساعده عدد من الموظفين.

هـ- عدد من المستشارين لا يزيد على (4) أربعة على أن يكون كل واحد منهم حاصلاً على شهادة جامعية أولية في الاقل و ممن لديهم خبرة لا تقل عن (15) خمس عشرة سنة بعد الشهادة في المجال الذي يكلف به و يتم تعيينهم وفق التشريعات النافذة في الإقليم.

و- المديرية العامة للديوان: يديرها مدير عام على أن يكون حاصلاً على شهادة جامعية أولية في الأقل في القانون أو الادارة و من ذوي الخبرة و الاختصاص.

ز- المديرية العامة للإنتاج: يديرها مدير عام على أن يكون حاصلاً على شهادة جامعية أولية في الأقل في الهندسة و من ذوي الخبرة و الاختصاص.

ح- المديرية العامة لنقل الطاقة: يديرها مدير عام على أن يكون حاصلاً على شهادة جامعية أولية في الاقل في الهندسة و من ذوي الخبرة و الاختصاص.

ط- المديرية العامة لتوزيع الطاقة: يديرها مدير عام على أن يكون حاصلاً على شهادة جامعية أولية في الاقل في الهندسة و من ذوي الخبرة و الاختصاص.

ي- المديرية العامة للتخطيط: يديرها مدير عام على أن يكون حاصلاً على شهادة جامعية اولية في الأقل في الهندسة و من ذوي الخبرة و الاختصاص.

ك- المديرية العامة لتجارة الطاقة: يديرها مدير عام على أن يكون حاصلاً على شهادة جامعية أولية في الأقل في الإدارة أو الاقتصاد أو التجارة و من ذوي الخبرة و الاختصاص.

**ثانياً:**

أ- يتم تشكيل مديرية عامة للكهرباء في **كل** محافظة و **أدارة مستقلة في الإقليم و تتمتع كل منها بالشخصية المعنوية .**

**ب- تدار كل مديرية عامة واردة في الفقرة (أ) من هذا البند من قبل مدير عام حاصل على شهادة جامعية أولية في الأقل في الهندسة الكهربائية و من ذوي الخبرة و الاختصاص و يعاونه موظف بدرجة معاون مدير عام حاصل على الشهادة الجامعية أولية في الأقل في مجال الإدارة أو القانون و من ذوي الخبرة و الاختصاص .**

**ثالثاً: تراعى أحكام التشريعات النافذة عند تعيين ذوي الدرجات العليا ممن ورد ذكرهم في هذه المادة.**

**المادة (9) :**

**اولاً: يشكل مجلس استشاري في الوزارة برئاسة الوزير و عضوية كل من :**

أ- وكيل : **و يكون نائباً لرئيس** المجلس.

ب- **المستشارين** و المدراء **العامين في الوزارة**..

ج- ممثل **عن** وزارة الثروات الطبيعية: على أن لا تقل درجته **عن** مدير عام.

د- ممثل **عن** هيئة حماية و تحسين البيئة: على أن لا تقل درجته **عن** مدير عام.

هـ. أي خبير مُختص **يختاره** الوزير من داخل الوزارة أو خارجها.

**ثانياً**: يقدم المجلس استشاراته حول الشؤون **الآتية**:

أ- تنظيم سياسات الإنتاج و السيطرة و النقل و توزيع الطاقة الكهربائية و وضع الخطط الإستراتيجية.

ب- تنظيم الاستثمار في مجال الكهرباء.

ج- أسعار الكهرباء المقترحة من قبل الوزير قبل رفعها إلى مجلس وزراء الإقليم.

**المادة (10) :**

**للوزير، حسب حاجة الوزارة، التعاقد مع عدد من المستشارين و الخبراء من ذوي الخبرة والاختصاص في ما له علاقة بالطاقة الكهربائية وفق الضوابط المعمول بها في الإقليم و بموافقة مجلس وزراء الإقليم .**

**المادة (11) :**

**يلغى قانون وزارة الكهرباء لإقليم كوردستان – العراق رقم (5) لسنة 2006.**

**المادة (12) :**

لا يعمل بأي نص قانوني أو قرار يتعارض و أحكام هذا القانون .

**المادة (13) :**

**على الوزير اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ أحكام هذا القانون.**

**المادة (14) :**

على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ أحكام هذا القانون .

**المادة (15) :**

ينفذ هذا القانون من تاريخ **نشره** في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان) .

## الأسباب الموجبة

بالنظر لما تمثله الطاقة الكهربائية من أهمية قصوى بالنسبة لحياة المواطنين في الإقليم و بالنسبة لجميع المشاريع و النشاطات التي يقوم بها كل من القطاع العام و الخاص بالنظر إلى كونها إحدى أهم ركائز البنى التحتية في الإقليم، و لأجل أن تعمل وزارة الكهرباء في إطار قانون ينظم شؤونها بما يمكنها و من خلال تشكيلاتها المتخصصة من تحقيق أهدافها و أداء مهامها ، فقد شرع هذا القانون .